کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-11-2007 17:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**شەڕلە بادینان تۆز لەدەرکێ مە / یان شەڕ لە تورکیا تۆز لە ئەوروپا!! ... باوکی شازاد**

لەوەتەی ئەوروپاو ولاتانی ڕۆژ ئاوا بونەتە بە مینبەری دەربڕینی نالەی ئازادی زۆر لە خەڵکانی مەزڵومی وەکوو کورد وعارەب و بۆسنی و ئەلبانیەکان و تەیموریەکان و بزوتنەوەی تامیل و گەلێک چینی چەوساوە لە جیهان خۆپیشاندانیان کردووە چونەتە پێش سەفارەتەکانی ئەو وڵاتانەی کە مافی خەڵکیان زەوت کردووە زۆر جاریش گرژی دروست بوە لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی پۆلیس، بەلام توانیویانە کۆنترۆلی وەزعەکە بکەن، هەرچەندە ئەو وڵاتە زۆردارانە جالیەیەکی زۆریشیان هەبوە لە دەرەوە بەلام کەسێک نەیبینیوە ببن بە کۆسپ لە پێش خۆپیشاندەران، ئەوەی لە تورکەکان دەبینرێت بەڕاستی مەگەر تەنها ئەوپێناسەیان بۆ بەکار بینین کە قەشەیەکی یۆنانی بەرێز تورکەکانی بە (هەمەج) ناو بردوە ئەو ناوە پڕ بە پێستی ئەو ڕەگەز پەرستانەیە لەبەر ئەوەی لە هیج دونیا نەمان بینیوە خەڵکی سڤیل پێش لە خۆپیشاندەران بگرێت کە تەنها داوای مافی خۆیان دەکەن وەیان داوا دەکەن کە وڵاتەکەیان داگیر نەکرێت، هەروەک ئێستا کورد دەیکات، بەداخەوە حکومەتی تورکیا هانی خەڵکانی ڕەگەز پەرستی خۆی دەدات لە دەرەوە بەگژ هەر جۆرە خۆپیشاندانێکدا بێنەوە کە دژ بە ڕژێمی تورکیا دەکرێت لە جیهاندا بەناوی پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانی وولات و عەلەمی تورکیا، وادەزانن تەنها ئەوان خاوەن وولات و عەلەمن خەڵکی تر خاوەنی هیچ سەروەریەکی خۆی نیەو نابێ بەرامبەر ئەوان باسیشی بکەیت، ئەگەر نا کۆمەڵێک مافیای خۆیان ئامادە دەکەن لە گورگە بۆراکانی کە هێشتا گوجیلەی تازە پێگەیشتون، لە ئەوروپا پەروەردە کراون بەلام هەر بە ئەقلیەتی ئەتاتورک کار دەکەن، بەڕاستی ئەو کارەی ئەوانە دەیکەن بوە بە موشکیلەیەکی گەورە بۆ ئەو دەوڵەتە دێموکراتی خوازانە، لەبەر ئەوەی بە بۆچونی خەڵکانی چاودێر کاتێک هێزەکانی تورکیا سنورەکانی هەریمی کوردستان ببەزێنن خۆپیشاندانی گەورەو لە زۆر شوێن ڕوو دەدات ئەگەر ئەو تورکە جاهیلانەش بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن مانای ئەوەیە دەبێتە هۆکارێک بۆ بەرپا بونی شەڕی نێوان تورک و کوردەکان لەو وڵاتانە ئەوەش دەبێتە هۆی دروست بونی پەشێویەکی چاوەڕوان کراو پێویستە هێزەکانی پۆلیس خۆیانی بۆ ئامادە بکەن بۆرێگا گرتن لەو تورکانە کاری وا نەکەن، وە پێویستە لە سەر کوردەکانیش ئەوپەڕی ئاگاداری خۆیان بن لەکاتی خۆپیشاندانەکان خەڵکانی تایبەت دابنێن لە گەڵ خۆپێشاندەرەکاندا بڕۆن هەر کارێکی ڕوبەڕوو بونەوە هاتە ئاراوە پێویستە زۆر بە چاپوکی دەست بەکار بن بۆ بەرپەرچی دانەوەیان باوەڕ بکەن ئەو تورکانە زۆر ترسنۆکن هەر ئەوەندە هەستیان کرد خەڵکی وا هەیە بەرەنگاریانببێتەوە لە جیاتی شەڕ کردن دەبن بە ناوبژیوان، بۆیە بە پێویستیشی دەزانم ئەگەر بکرێت هەندێک لە پارتە ئەوڕپیەکانیش بەشداری بکەن لەو خۆپیشاندانانە کارێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی تورکەکان نەتونن بەرەنگارمان ببنەوە، بۆ زانین تورکەکان هەر هەمویان خاوەن بەرژەوەندی گەورەن بە تایبەتی لە ئەڵمانیا و هۆڵەندا ئەگەر بزانن بەرژەوەندیەکانیان دەکەونە مەترسی هەر خۆیان نایەڵن کەس شەڕ بە خەڵکانی خۆپیشاندەر بفرۆشێت، خۆ ئەگەر هەر بەتەمای پۆلیسەکان بین دەبێ چاوەڕوانی زۆر کاری توندو بێ ڕەوشتی بین لەو تورکانە، بەلام وادیارە ئەوجارەیان ئەو بەچکە تۆرانیانە شتی ترسناکیان لە ژێر سەردایە بۆیە ڕۆژانە خەڵکی ناو تورکیاش دێنن بۆ سەر شەقامەکان بۆ ئەوەی هەرچی بیکەن بڵێن ئەوە لە سەر داوای خەڵکی سەر شەقامەکانی تورکیا ئەوکارە دەکەین، سەیر کەن لە زۆر شوێن هێرش دەکەنە سەرقاوەخانەو مەڵبەندە کۆمەلایەتی و کولتوریەکان و دەیانسوتینن وتێکیاندەدەن، ئەوڕەگەز پەرستانە بە فەرمانی حکومەتە شەڕانگێزەکەیان ئەو جۆرە کردارە ناشیرینە نادیموکراتیانە ئەنجامدەدەن، بەڕاستی هەموو هێڵە سورەکانیان بەزاندوە، لەلایەک وەکوو شەقاوەکان باڵی خۆیان فش کردۆتەوەو بە دەیان هەزار سەربازیان هێناوەتە سەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سنوری هەریمی کوردستان، لەلایەکی تریش قەبوڵ ناکەن خەڵک لە نێو لانکی دێموکراتیەت کە ئەوڕوپایە بۆ خۆی بێتە سەر شەقامەکان و دەردی دڵی خۆی دابڕێژێت، نازانم ئەو دەوڵەتانە چۆن لێیان قەبوڵ دەکەن ئاوا پێشێلی ئەو یاسا بەزاندنە بکەن کە دژ بە هەموو بنەما مرۆییەکانە، دەبوایە پێش هەموو کارێک سەفارەتاکانی تورکیا هۆشداریان پێ بدرێت کە خەڵک هان نەدەن بۆ بەرەنگار بونەوەی خۆپیشاندەران، لەبەر ئەوەی تورکەکان ڕێگای شەڕیان هەڵبژاردوە نەوەک کوردەکان، وە هەروەهادەبوایە سەرۆک مافیاکانی مەهەپەیان بانگ بکردایە بۆ ئەوەی کاری نایاسایی نەکەن، هەموو دەووڵەتەکان ئەزمونی پێشوتریان هەیە لەگەڵ ئەو تورکانە، ئەوە جاری یەکەم نیە شتی وادەکەن، بە بۆچونی من ئەوەی ئەوان دەیکەن لەبەرژەوەندی تورکیادا نیە ئەوان چاوەڕوان دەکەن بچنە ناو بازاڕی ئەوروپی هاوبەش، بەڵام هەتا ئەوانە لەسەر ئەو ئەقڵیەتە بڕۆن بە هەزاران هەنگاو دور دەکەونەوە لە ئەوڕوپا، لەبەر ئەوەی گەلی ئەوڕوپا نایەوێت جارێکی تر تووشی داوی ڕەگەز پەرستان و حکومەتی عەسکەرتاریەت بێتەوە، بەڵام بەو پێ داگرتنەی ئەوجارە سەلماندیان کە ئەوان و دێموکراتیەت کوجامەرحەبا، تورکەکان باش دەزانن کە بە هێرشێکی ئاوا نە پەکەکە لە ناو دەچێت و نە بزوتنەوەی ئازادی خوازی کورد کپ دەبێتەوە، بە پێچەوانەوە هەستی نیشتمانی لە لایەن کورد زۆر بەرز دەبێتەوەو دەبوژێتەوە، ئەوان دەیانەوێت لەلایەک ئەزمونی حکومەتی کوردستان تێکبدەن، لەلایەکی تر بەرنامەیان داناوە ڕەوشی کوردستانی باکور تۆزێک ببوژێننەوە بۆ ئەوەی بتوانن بە ئەوڕوپیەکان بڵێن ئەوە چاکسازیمان کردوە لە ناوچە کوردیەکان، هەروەک لە قسەکانی پێشتری (عەبدوڵڵا گوڵ و ئەردۆغان) دیار دەکەوێت، بەڵام هێزی عەسکەر کە زانیان ئەوە دوافرسەتیانە بۆ ئەوەی جاریکی تر خۆیان بکەنەوە بە بڕیار بەدەستی دەوڵەت و بەناوی پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی تورکیا، دوا ستونی عیلمانیەتو کەمالیستی کۆنە پەرست ووردو خاش نەبێت، دەستورە کۆنەکەیان هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، دەستیان کرد بە لێدانی ئەو کۆنە قەوانەی جاران کە بە ملیۆنەها دۆلار سودیان لێ وەر دەگرت ئەویش ئۆپەراسیۆن بۆ سەر هێزەکانی پەکەکە بوو، جارانیش یەک مانگ خۆیان خەریک دەکرد بە ناوچەیەکی سنوری بێ ئەوەی کە بگەن بەهێزەکانی پەکەکە ئەو ناوچانەیان ئاگرباران دەکرد خەڵکی بێ تاوانیان دەکوشت و دەربەدەریان دەکردن و گوندو ڕەزو باخەکانیان لێ کاول دەکردن، هەر خۆیان هەندێک ئەلغامیان دەچاند دوایی بەڕوی خۆیان دا دەتەقیەوە یان خەڵکی گوندەکان پێوە دەبون، ئینجا دەیان ووت ئەوە پەکەکە دایناوەتەوە، بەڵام ئەوجارەیان زۆر سەیرە هێزەکانی پەکەکە لەناو خاکی تورکیا دەسوڕێنەوە کەچی هاتون لەلایەکی تر وەکو سەرخۆشەکان بە حکومەتی کوردستانیان گرتوە، باشە ئەوە ڕێگا کراوەیەوە لە ناوچە شاخاویەکان وەرن بەرەنگاری گەریلاکان ببنەوە کەس دەستی نەگرتون، ئەگەر ئێوە ئەوەندە ئازان و شەرکەرن فەرمون ئەوە گەز و ئەوە جاو هەتا ئێستا بە قسەی ئەمریکیەکان 24 جاری تر خۆیان جەڕباندوە هیچیان بە هیچ نەکردوە، هەتا جار بەجار وەکو کاک (مەسعود بارزانی) دەڵێ لە سێ گۆشەی سنور هێزەکانیشیان هاتونەتە ناوەوە ئێستاش ئەگەر بێنە ناو خاکی هەریمی کوردستان ئێمە پێی نازانین و ئاگامان لێی نیە لەبەر ئەوەی هیچ پاسەوانێکی سنوریشمان لەو ناوچانە نیە و گونەکانیش لەو ناوچانە ئاوەدان نەکراونەتەوە تاکو خەڵکی لێ بژیت کەسێک نیە لە نێوان تورکەکان و هێزەکانی پەکەکە تەنها چیا سەرکەشەکانی کوردستان نەبێت کە تورکەکان زراویان لێی جوە ناوێرن نزیکیان ببنەوە، بەڵام ئەو کارەی ئەوان ئەوجارە دەیانەوێت بیکەن زۆر مەترسیدارەو دەبێ زۆر بە هێمنانە مامەڵەی لە گەر بکرێت، دیارە ئەوان چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد کە بەو شێوەیە دەنگ بداتەوەو هەموو جیهان دژی ئەو خۆ ئامادەکردنە هەڵوێست وەر بگرێت، ئەوە لەو ڕۆژانە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەگاتە تورکیابە پەلەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بێ ئەوەی کەس بزانێت بۆچی دێت، کۆبونەوەی دراوسێکانی ئێراقیش دەبەسترێت بە ئامادەبونی ئەمریکاو کۆمکاری عارەبی و چەند دەوڵەتێکی تریش بەشداری دەکەن، بەڵام لەسەر داوای حکومەتی ئێراق نابێت ئەو کۆبونەوە تەرخان بکرێت بۆ چارەسەری موشکیلەی نێوان تورکیاو پەکەکە، هەر بۆیەش لە نوێترین هەواڵ حکومەتی تورکیا ڕازی بوە بە سەردانی سەرۆکی پارتە کوردیەکانی باشور بۆ ئەنکەرە، جامیعەی عارەبیش هەر ئیمڕۆ هۆشداری دا بە تورکیا کە کاری وا نەکات ببێتە هۆی دروست بونی ئاڵۆزی لە ناوچەکەو بەتایبەتی لە ئێراق، بە هەموو پێوەرەکان هەتا دوای سەردانی ئەردۆغان بۆ ئەمەریکا هیچ شتێک ڕونادات وە لەوانەشە هەر ئەسڵەن هیچ هێرشێک نەکرێتە سەر هەرێمی کوردستان، وەکوو جاران لە ناوچەی سێگۆشەی سنور هەندێک جمو جۆڵی سەربازی ئەنجام بدەن کۆتایی بە مەوزوعەکە بێت، بەڵام ئەو بڕیارەی پەڕلەمان ئەگەر هەڵنەوەشێتەوە ئەوە وەکوو گیسکەکەکی هەیاسمان لێ دێت هەر بە هەوەس ماوە ماوە گورگمان نیشان دەدەن بۆ ئەوەی ڕەوشی هەرێم تێکبدەن و هیچ پێشکەوتن بەخۆیەوە نەبینێ ئەوەش وادەکات کە سەرمایەدارەکانی جیهانی هیچ پرۆژەیەک ئەنجامنەدەن لە کوردستان، بۆیە دەبێ حکومەتی کوردستان باش دیراسەتی ئەو بۆچونانە بکات، سەرکردایەتی هێزەکانی ئەمریکاش لە باکوری ئێراق مەوقیفی خۆیان ڕون کردەوە کە ئەوان بەشداری لە هیج ئۆپەراسیۆنێک ناکەن دژ بە پەکەکە، پێنتاگۆنیش بە شێوەیەکی ڕەسمی لێدوانێکی سەر سوڕێنەری دا ئەویش کە حکومەتی ئەمریکا تەنها ئامادەیەو ئامادە بوە پێشتریش زانیاری ئیستخباراتی بدات بە تورکیا، کە ئەوە نەدەبوا بەو شێوە شتی وا بووتریت کەس نازانێت ئەوانە چۆن بیر دەکەنەوە، دەبێ ئەوانیش بەرنامەی تایبەتی خۆیان ئامادە کردبێت بۆ هەر کارەساتێکی چاوەڕوان کراو کە ڕوبدات لە کوردستان، لەلایەکی تر سەرۆک کۆماری تورکیا داوا لە کوردەکانی ئێراقی دەکات خۆیان تێکەڵ موشکیلەکە نەکەن، بەڵام لە لایەکی تر سەرۆک وەزیران هەڕەشە لە کاک مەسعود بارزانی دەکات کە لەوانەیە دەستدرێژیەکی تایبەتی بۆ سەر شەخسی ئەو بکەن لە ڕێگەی بەکار هێنانی هێزی کۆماندۆ ئەنجامی بدەن بە قسەی سەرۆک وەزیری تورکیا، هەر لە درێژەی قسەکانیشی دەڵێت ئێمە هەزار جار بیر دەکەینەوە ئینجا جارێک هێرش دەکەین واتە قسەکانی جۆرێک لە سارد بونەوەی پێوە دیارە، وە زۆر لە تورکە سیاسی و خاوەن ئەزمونەکان و میانڕەوەکانیش ئەو هێرشە بە کارەساتێک دادەنێن بۆسەر حکومەتی تورکیا، وە ئێستا ئیران و سوریاش کەوتونەتە پەڵە قاژەو لەترسی ئەو ئەنجامانەی کە لەوانەیە دروست ببێت پاش هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هەرچەندە ئێمەی کوردی باشوریش زەرەرێکی زۆر دەکەین، بەڵام هەندێ شتی چاوەڕوان نەکراو دیتە گۆڕێ کە لەوانەیە ببێتە کێشەیەکی ئەوتۆ کە بەکەس چارەسەر نەکرێت، لەو کاتە خەڵکانی تریش هەن خۆیان بخەنە ناو زەڵکاوەکەو ئینجا بۆ چەند ساڵێکی تریش ئەوناوچانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئارامی بەخۆیانەوە نابینن، وەلە هەمان کات لەگەرمەی ئەو هێرشانەش ئەمریکاو ئیسڕائیلیش بکەونە گیانی ئیران و سوریا، ئەو سیناریۆیانە هەر هەموی چاوەڕوان دەکرێت ڕو بدات، هەر بۆیە حکومەتی ئێران هەر لە یەکەم ڕۆژەوە پشتگیری ئەو هێرشەی نەکرد، ئەوە دەبینین وەزیری دەرەوە ئاغای موتتەکتی سەردانی ئێراق و سوریای کرد لەوانەشە بچێتە تورکیا وە باباجانی وەزیری دەرەوەی تورکیاش سەردانی ئێرانی کرد، بەڵام سوریا تێی کەوت بەهۆی لێدوانەکانی بەشار ئەسەدەوە، ئێستاش لە گەڵ ئیران ڕێک کەوتون کە ببن بە ناوبژیوان لە نێوان ئێراق و تورکیا، هیوادارم گەلی کورد ماڵ و گیانیان پاریزراو بێت لەو هاوکێشە نا بەرامبەرەی لەگەڵ تورکیا کە بە ئاشکرا دەیانەوێت شەڕمان پێ بفرۆشن سەرکردایەتی کوردیش دەبێ ئەوەی لە توانایدا هەیە بیکات بۆ دروست نەبونی ئاڵۆزی و شەڕ، بەڕاستی هەندێ شتمان گوی لێ دەبێت و دەیخوێنینەوە پیویست ناکات لەو کات و ساتانەدا بوترێت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەکێک لەوانە هەندێ کەس گلەیی ئەوە دەکەن بۆ سەرۆک مام جالال و بەڕێز هۆشیار زێباری کاتی هاتنی میوانانی ئێراق بە کوردی قسەناکەن یان بۆ بە پەکەکە دەڵێن تێرۆریست تۆخوا ئەوە کەی موشکیلەی ئێستای ئێمەیە تاکو بیکەین بە خاڵێکی لاواز و باسیان بکەین ئیمڕۆ پیویستە کورد سیاسەت بکات شتە گەورەکان نەکات بە قوربانی شتی بچوک، هەمو کەسێک دەزانێت موشکیلەی پەکەکە واتە موشکیلەی کوردەکانی باکور هەڵبەتە سەرکردەکانمان لە پێش ئێمە ئەوە دەزانن بەڵام ئایە ئەگەر بەکوردی ئاخافتنیان کرد وەیان ووتیان نەخێر پەکەکە تێرۆریست نیە ئەوە هیچ لە مەوزوعەکە دەگۆڕێت؟ بەڵی لەوانەیە کەسێکی وەکوو باباجان زیاتر ڕقی هەڵسێت و لە ڕقی ئەو جۆرە قسانە ئەویش کاردانەوەی خراپی لێ ڕو بدات، بەڵام نازانم کەی ئێمە هەست دەکەین کە ئەو دوو شەخسە دەبێ وەکوو بەرپرسێکی ئێراقی هەڵس و کەوت بکەن ئەوانە کاری دەوڵەت بەڕێوە دەبەن، لە شوێنەکانی خۆی بەرگری لە مافی کورد بونی خۆیان دەکەن و داوای بچوکترین مافی هەموو گەلی کورد دەکەن خۆ وەکوو ئێمەنین لەماڵی خۆمان دانیستوین هەرچی بیلێین کەس نەبێت پێشمان لێ بگرێت، ئەوە بە سەدان عارەبی شۆڤینی لەبەراوان وەستاون چاوەڕوانی هەلێکی وادەکەن کە بتوانن باسی بکەن لە کۆبونەوەکانی پەرلەمانی ئێراقی و لە کۆڕو کۆبونەوەکانی سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان وێنەی (سالح موتلەگ و ئوسامە نجێفی و برایم جەعفەری و) چەندین کەسی تر کە خۆیان مەلاس داوە بۆ ئەو قسانە بۆیە من بە شتێکی زۆر ئاسایی دەزانم ئەو لیپرسراوانە بە هەرچی زمانێک قسە بکەن کە پییان باشە، خۆ دیمان هۆشیار زێباری لە گەڵ وەزیری دەرەوەی ئیران کۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەکەی زۆربەی بە زمانی ئینگلیزی بوو هیوادارم خۆمان بە شتی لەوە گرنگتر خەریک بکەین سودبەخش بێت بۆ کارە هەنوکەییەکانمان، خۆ ئەگەر تورکەکان هەر بەرۆکیشمان بەر نەدەن ئەوە ناچار دەبی بلێین شەڕ هاتۆتە بەر دەرگامان و دەبی یان بیکەین وچاوی دوژمنان بشکینین هەرچی ئەنجامێکیشی هەبوو گرنگ نیە، وەیان دەبی دەستیان ماچ بکەین و بلێن ئیوە ئاغاو ئێمەش خزمەتکار هەتا ماوین نەتوانین سەرمان بەرز بکەینەوە بەرامبەر هیچ دوژمنێکی تر، بەڵام هیوادارم شەڕەکە نەبێت وە هێزەکانی پەکەکە ناوچەکانی قەندیل بەزوترین کات چۆڵ بکەن با لیژنەیەکی نێو دەولەتی بێت کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکات ئەو کاتە تورکەکان بیانوی ئەوەیان نامێنێت بێنە ناو هەرێمی کوردستان ئۆپەراسیۆن ئەنجام بدەن دژی گەریلاکان ناچار دەبن لە ناوچەی سی گۆشەی سنوری هێرش بکەن لەوێش هێزەکانی تورکیا سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، ئەوجارەیان ئەوان چاویان دەشکیت پاش ئەوەی زەرەرو زیانێکی گیانی زۆریان لێ دەکەویت، بۆ ئەوەی ناچار بن دەست بە گفتو گۆ بکەن لە گەڵ کوردەکانی باکور ئەو کاتە لەوانەیە (عەبدوڵا ئۆجەلان) بێننە ناو مەوزوعەکە تاکو قەناعەت بە هێزەکانی پەکەکە بێنیت دەست لە شەڕ هەلگرن و ڕیگای چارەسەری ئاشتیانە بگرنە بەر، هەر دەبێ لە کۆتاییش ئەوە بکەن لەبەر ئەوەی هەتا ئیستا هیچ گەلێک بە شەڕو کوشتن لەناو نەچوە تەنها ڕێگای ئاشتیە چارەسەری هەموو مەسەلەکان دەکات نمونەی زیندوشمان هەیە ڕژێمی سەددامی گۆڕبەگۆڕ چی بە گەلی کورد نەکرد لە جینۆسایدو کیمیاباران و ئەنفال و بەکۆمەل کوشتنی خەڵکی کوردستان و کاول کردنی دێهات و شارۆچکەکان بەڵام لە کۆتایی کورد سەرکەوت سەددامیش ملی کرا بە قەنارەو لە سێدەرە درا کەوتە نێو زبڵدانی مێژوو،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.